به پیاوی بێباوەڕ و لەخۆبایی ناوی دەرکردووە..

# زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ: من کافر نیم



**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی لە رووی ئایینەوە کەسێکی گومڕایەو باوەڕی بە هیچ بیروباوەڕێکی ئایینی و ئاسمانی نییە. بەڵام ئەو وەڵامی ئەو تۆمەتانە دەداتەوەو دەڵێت «من کافر نیم».

ناوە ناوە دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە زڵاتان کەسێکی بێ دینەو باوەڕی بە هیچ شتێکی ئایینی نییە، بەتایبەتیش ئەو کاتانەی هەندێک قسەی گوماناوی دەکات و تەفسیر و شرۆڤەی دیکەیان بۆ دەکرێت. ئەم بابەتە جارێکی دیکە بووەوە بابەتی دەزگاکانی راگەیاندن و پێگە کۆمەڵایەتییەکان، دوای ئەوەی مارکۆ ڤێراتی هاوڕێی زڵاتان لە یانەی پاریس سانجێرمان، ئاشکرایکرد کە زڵاتان گوتوویەتی «من مەسیحم». بۆیە زۆر رەخنە لە زڵاتان گیراو بە کەسێکی کافر و لەخۆبایی لە قەڵەمدرا. لەبەرئەوە زڵاتان ئەمجارە بێدەنگ نەبوو، لە لێدوانێکدا رایگەیاند «من کافر نیم، بڕوام بە خوای گەورە هەیە».

پێشتریش ئەو یاریزانە بە شێوازێکی تایبەت بەرپەرچی ئەو دەنگۆیانەی دابووە، کە بریتی بوو لە کێشانی تاتۆیەکی نوێ لەسەر جەستەی خۆی، کە لەسەری نووسراوە «ONLY GOD CAN JUDGE ME» واتە «تەنیا خوا دەتوانێت بڕیارم لەسەر بدات». بەڵام وادیارە زڵاتان بە پێویستی زانیوە ئەمجارە بە زمانی خۆی دان بەوەدابنێت کە ئەو کافر نییە.


WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (336) سێشەممە 2015/1/27 7ی رێبەندانی 2714 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


فلۆرەنتینۆ پیرێز مەحاڵ نازانێت..

# "میسی دەچێتە ریال مەدرید"

3»

"باڵۆن دۆرەکەی 2015 بۆ لیۆنێل میسییە"



## تاریق عەبدولڕەحمان خۆی بە سەرۆکی یانەی هەولێر دەزانێت

2

## مۆرینیۆ دەیەوێت شڤاینشتایگەر لەسەر شێوازی بالاک راوبکات

5

لە جامی شای ئیسپانیادا..

# ریال مەدرید بە ئەنقەست خۆی بەدەرکردن داوە

3»



## شەڕ دەکەن

ئەرسەلان جەلالی ڕاهێنەری یانەی نەورۆز، لە لێدوانێکدا بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە ئاستبەرزی ئێستای یانەکەیان بۆ نەبوونی کێشە و گرفت لە یانەکەیان و پشتگیری و هاوکاری بەردەوامی ئیدارەی یانەکەیان دەگەڕێتەوەو بەڵێنیدا لە قۆناخی دووەمدا شەڕ لەسەر نازناوی خولی یانە نایابەکانی کوردستان بکات و گوتی « هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە، دەستەی کارگێڕی بەردەوام هاوکارمانە، مووچەی 11 مانگی یاریزانەکانمان داوە، پەنا بەخوا لە قۆناخی دووەمدا ئاستێکی بەرزتر پێشکەش دەکەین و دەمانەوێ شەڕ لەسەر نازناوەکە بکەین».

نهێنییەکانی خۆکێشانەوەی یانەکەی لە خولی نایاب ئاشکرادەکات..

# تاریق عەبدولڕەحمان: لیژنەی ئۆلۆمپی لا حەولە وەلا قوەتە ئیللا بیللا



سەرۆکی یانەی بروسک لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداوی وەرزشی)، نهێنییەکانی پشت پەردەی خۆکێشانەوەی یانەکەی لە خولی نایابی کوردستان ئاشکرادەکات و ڕایدەگەیەنێت ئامادەنییە پارە بۆ بەشداریکردن لە خولەکە قەرزبکات، هەروەها باس لەو بەڵێنانە دەدات کە لەلایەن بەرپرسانی وەرزشییەوە بە یانەکەی درا و دواتر جێبەجێنەکرا.

هەڤپەیڤین ـ ئەرسەلان عەبدوڵڵا
(فۆتۆ: ئەردەلان قادر)

### ئەبوئەحمەد نادیارە

تاریق عەبدولڕەحمان سەرۆکی یانەی بروسک، کە هاوڕێ نزیکەکانی بە ئەبوئەحمەد ناوی دێنن، دوای خۆکێشانەوەی یانەکەی لەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان، کەمتر لە یاریگەو بۆنە وەرزشییەکان دەبینرێت.

ئەو لەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ (ڕووداوی وەرزشی)دا، ڕەتیدەکاتەوە لە وەرزشی کوردستان دابڕابێت و دەڵێت «لە وەرزش دوورنیم و هەردەم چاودێری یارییەکان و هەواڵەکان دەکەم، ئێستا هەواڵ ئاسان دەگات و یارییەکانی خولی کوردستانیش ڕاستەوخۆ لە تیڤی پەخش دەکرێن، بەڵام وەک ئامادەبوون هەندێک دوورم، ئەمەش بۆ سەرقاڵی بە کار و دەوام و بارودۆخی کوردستان دەگەڕێتەوە».

سەبارەت بە ئاست و ئەنجامی یانەکانی هەولێر، کە ئەم وەرزە لە پلەکانی پێشەوەی ریزبەندی دوورن، تاریق گوتی: «نازانم بە وردی چییە، چونکە نزیکیان نیم، بەڵام ڕەنگە کۆچی بەکۆمەڵی یاریزانان لە یانەکان و جێگرنەبوونی ستافی مەشق و کارکردنی هەندێک ڕاهێنەر لە یانەکان، کاریگەریی هەبێت لەسەر ئەنجامەکان. بۆ ئەنجامی یارییەکان بەداخەوەم، بە تایبەتی بۆ یانەکانی هەولێر»

### بروسک بۆچی کشایەوە

پێش دەستپێکردنی وەرزی ئەمساڵ، بە چەند ڕۆژێکی کەم یانەی بروسک خۆی کێشایەوەو بەشداریی نەکرد، ئەمەش بەهۆی قەیرانی داراییەوە، لە کاتێکدا وەرزی ڕابردوو لە پلە یەکەوە گەڕایەوە نایاب، کە لە مێژووی خۆیدا خاوەنی دوو نازناوی خولەکەیە، سەرۆکی یانەی بروسک ئاشکرایدەکات «سێ مانگ پێش دەستپێکردنی خولەکە بە سەرپەرشتیاری تیپەکەم گوت تیپەکە ئامادەمەکەو بەشداری ناکەین، بەڵام ئەو و ئەندامانی کارگێڕیی یانە گوتیان پارە هەیە و بەڵێنمان پێدراوە لە بەرپرسانی حکومی و کەسانی دیکە، گوتم ئێمە 40 ملیۆن دیناری وەرزی ڕابردووی یاریزانەکان قەرزارین، پێویستە ئەو پارەیە بدەینە یاریزانەکان، ئینجا خۆمان بۆ وەرزی نوێ ئامادەبکەین، کە تیپەکە ئامادەکرا، گوتم من پەیوەندیم بە لایەنی دارایی نییە، چونکە پارەیەکی زۆرمان قەرزکردووەو چیدی ناتوانم قەرزبکەم، چونکە قبووڵم نییە سبەی بۆ قەرز لە دەرگام بدەن، سەرۆکی حکومەت و هیچ بەرپرسێکیش پێمنالێت برۆ قەرزبکەو خانوو بفرۆشە بۆ وەرزش، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستادا، کە دەمانزانی بارودۆخی کوردستان دەگاتە ئەمڕۆ».

ئەو دەڵێت: «پێش ئەوەی خولی ئەم وەرزەش دەستپێبکات، لەگەڵ یاریزانەکان کۆبووینەوەو پێمگوتن کە کەسانێک بەڵێنی هاوکارییان پێداوین، لەوانە سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و شێخ شاکر ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش، هەردوولاش ئامادەییان هەیە هاوکاریمان بکەن و هەردووکیشیان ئامادەبوون لەلای خۆیانەوە هاوکاری ماددیمان بکەن، بەڵام من دوای 100 ملیۆن دینارم کرد بۆ قۆناخی یەکەم، هاوکات ئێمە ئێستا مووچەی یاریزانەکانیشمان نەماوەو یاریزانەکان هەموویان گەڕاونەتەوە پۆلیس و دەوام دەکەن و مووچەی ئاسایی خۆیان وەردەگرن، چونکە (تەفەرووغ) لەلای ئێمە نەماوە، خۆم نەمهێشت، چونکە هەندێک کێشە هاتەپێشەوە، هەرچەندە ئەوکارەش بۆ یانەکەمان زەرەرێکی گەورەبوو، بەڵام بۆ من باشبوو، چونکە من بەرگەی ئەوە ناگرم خەڵکانێک بێن سبەی قسەم پێبڵێن».

تاریق هەروەها گوتی «دوای ماوەیەک دیاربوو ئەو برە پارەیەی داوامانکردبوو، دابیننەکرا، بۆیە بە یاریزانەکانم گوت پارە نییەو ئەوانیش ڕەتیانکردەوە بەبێ پارە یاری بکەن، چونکە مافی خۆیان بوو، ئێمە پارەی وەرزی ڕابردووشمان پێنەدابوون، دواتر با ئەو ڕاستگۆییە بمێنێت، ناکرێت من بڵێم برۆن یاری بکەن و پارەتان دەدەمێ، دواتریش پارە نەبێت، بۆیە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر دواجار بڕیارماندا بەشداری خولی نایابی ئەم وەرزە نەکەین».

### «یاریزانەکان ئامادەنەبوون بەبێ پارە یاریبکەن و بۆ خۆیان بوونەتەوە پۆلیس»

سەرۆکی یانەی بروسک پێیوایە ئێستا زۆر شتی دیکە هەیە لە وەرزش گرنگترن پارەیان بۆ خەرجبکرێت، بە تایبەتی پێشمەرگە و ئاوارەکان و خزمەتگوزارییەکانی خەڵک.

### یانەکان ناز بەسەر حکوومەتەوە دەکەن

تاریق دەڵێت یانەکان ناز بەسەر حکومەتەوە دەکەن، حکومەت دەبێت پارە بداتە ژمارەیەکی زۆری یانەکان و پارەی خول و ناوبژیوان و سەفەر و ئۆتۆمبێل و نازانم چیدیکەش بدات و ئەوانیش وەرزش بکەن، ئەمە لە هەموو دنیادا شتی وانییەو نابێت کە حکومەت ئەو هەموو یانەیە بەخێوبکات، ئێستا ئەگەر پارەی یانەکان ببڕێت، وەرزش دەوەستێت و نامێنێت، پارەی هەموو کوردستان بەشی وەرزش ناکات.

### بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بەشێکی کێشەکان بوو؟

یانەی بروسک ساڵی 1998 لە ئەنجامی یەکگرتنی هەردوو یانەی پۆلیس و ئاسایشی هەولێر دروستکرایەوە، کە خۆی لە ساڵانی چلەکاندا دروستبوو، بەڵام دواتر ناوەکەی گۆڕا، ئینجا لە 1998 جارێکی دیکە هاتەوەمەیدان.

هەردەمیش واباسکراوە بروسک سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام یانەکە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانە وەک یانەکانی دیکە.

لەسەرووبەندی خۆکێشانەوەی ئەم وەرزەی یانەکە، دەنگۆی ئەوە هەبوو سەرۆکی یانە لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر کێشەی هەیە بۆیە لە خولەکە کشاونەتەوە، چونکە یاریزانەکان بەشێکیان پۆلیسن. تاریق عەبدولڕەحمان ئەمە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت «جارێ کاک عەبدولخالق لە ئیدارەی یانەکەمان نەماوە، ئەو بەڕێوەبەری پۆلیسە و کاری زەحمەتە، بەڵام ئیشوکار بۆ یانەکان دەکات و یانەی بروسکی خۆشدەوێت، حەزدەکەم ئەوەش بڵێم کە پەیوەندی و دۆستایەتیی من و ئەو زۆر دێرینەو پەیوەندی بە وەرزش نییە».

### داهاتی بروسک چیلێدێت؟

لە یاریگەی بروسکدا، هۆڵێکی گەورەی لەشجوانی، مەلەوانگەو هەروەها کۆمەڵێک دوکان و فرۆشگای تێدایەو دەوری یاریگەکەیان داوە، لە پرسیاری داهات و چۆنیەتیی مامەڵەکردن بەو شوێنانە، سەرۆکی یانەی بروسک گوتی «هۆڵەکە لەلایەن سەردار ئیسماعیلی پاڵەوانەوە بەڕێوەدەبرێت و ئێمە پارەی لێوەرناگرین، چونکە کاتێک لە یانەی هەولێر کێشەی هەبوو دوورخرایەوە، ئێمە باوەشمان بۆ کردەوە، چونکە ئەویش دەویست خزمەت بکات و خزمەتی زۆریشی بۆ یانەکەمان و یاریزانانی شاری هەولێر هەبووەو ئێمە زۆر لێی ڕازین، سەبارەت بە دوکانەکانیش، بە موساتەحە دراوە بۆ ماوەی 25 ساڵ و هەر ساڵەی بە 10 هەزار دۆلار (یەک دەفتەر)، ئەمەش لە کاتێکدابوو، کە حکومەت پرۆژەکەی بۆ نەکردین تا سوودەکەی هەمووی بۆخۆمان بێت، بۆیە ناچاربووین وەک پارچە زەوییەک بە موساتەحە بیدەین و ئەوکاتیش دەفتەرێک دۆلار بۆ ساڵێک زۆربوو، ئێستا سوودی نییە، بەڵام ئەوانەی دوای ئێمە دێنە یانەکە سوودمەند دەبن، چونکە کە موڵکەکە دەگەڕێتەوە سەر یانەکە، داهاتی باشی دەبێت».

### «حەزدەکەم یانەی هەولێر لە یانەکەی خۆشم بباتەوە، چونکە لە دایک و باوکی خۆم خۆشتر دەوێ»

### ئێستا بە نیازی چین؟

سەرۆکی یانەی بروسک ئاشکرایکرد کە بەشداری خولەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووان دەکەن و لە چەند یارییەکی دیکەشدا بەشداری خول و چالاکییەکان دەکەن، بەتایبەتی لەشجوانی و تایکواندۆ و نیشانەشکێنی.

ڕاستە تاریق هەڕەشەی لە یاریزانەکانی کردووە؟

سەرۆکی یانەی بروسک ڕەتیدەکاتەوە هەڕەشەی لە یاریزانەکانی کردبێت کە ئەگەر یانەکە جێبهێڵن بیانگەڕێنێتەوە پۆلیس و دەوامیان پێبکات، چونکە زۆربەیان پۆلیسن.

ئەو دەڵێت «هەڕەشەم لە هیچ یاریزانێک نەکردووە، بەڵام پێمگوتن برۆنە ئەو یانانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ ئێمەدا باشە، بۆ نموونە ڕازی نیم بچنە یانەی دهۆک، چونکە ئێمە بەیار ئەبوبەکرمان بەواندا و ئێستا باشترین یاریزانی ئەوانە، کەچی ڕازی نەبوون بەیار بۆ یەک یاری بگەڕێتەوە یانەکەمان، کە لە پشوودابوو».

### تاریق سەرۆکی یانەی هەولێرە

سەرۆکی یانەی بروسک، یەکێک بوو لە باشترین یاریزانەکانی ساڵانی هەشتاکانی یانەی هەولێر، ئەو ئاشکرایدەکات، یانەی هەولێر لە هەموو یانەکان خۆشتردەوێت و تەنانەت دەڵێت «یانەی بروسک کە یانەی خۆمە، حەزناکەم لە یانەی هەولێر بباتەوە، تەنانەت هەولێر گۆڵی لە بروسک کردووە، من پێکەنیووم، ئەمە برادەرەکانمی لە یانەی بروسکی تووڕەکرد، بەڵام چیبکەم بە دەستخۆم نییە، ناوی هەولێرم لە دایک و باوکم خۆشتردەوێت، یانەی هەولێریش ناوی ئەو شارەی هەڵگرتووە».

ئەو دەڵێت «بەم هۆکارانەوە خۆم بە سەرۆکی یانەی هەولێر دەزانم، د. عەبدوڵڵا مەجیدیش، کە سەرۆکی ئێستای یانەکەیە، زۆر حەزیکردووە کاری لەگەڵ بکەم، هەموو دۆست و برای منن و هیچ کاتێکیش کێشە و گرفتمان نەبووە».

### لیژنەی ئۆلۆمپی لا حەولە وەلا قوەتە ئیللا بیللا

لە دوا پرسیاری ئەو هەڤپەیڤینەماندا لە تاریقمان پرسی، ڕات چییە لەسەر بارودۆخی ئێستای وەرزش و دەسەڵاتی وەرزش لە کوردستاندا؟، ئەو لە وەڵامدا پێیوایە نە دەسەڵاتەکەو نە وەرزشەکەش وەرزشێکی ڕاستەقینەیە «چونکە خەڵکێک لەو دەزگە وەرزشییانە بەپێی تواناو ئەزموونی خۆی نەهاتووەتە سەرکار، تەنانەت لە یانەکان و سەرۆک یانەکانیش، کە هەیە یانەی داناوە بۆ ئامانجی تایبەتی و خۆدەرخستن، مەرج نییە مەبەستیان پارە بێ».

سەبارەت بە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانیش دەڵێم لا حەولە وەلا قوەتە ئیللا بیللا، پەرلەمان و حکومەت نە پاڵپشتی دەکەن و نە هەڵیدەوەشێننەوە، بەداخەوە ئەوەی وەرزش دەکات یەکێتییە وەرزشییەکانن کە خەڵکێکی وەرزشوان کاریان تێدادەکەن و ئۆلۆمپی سەرپەرشتییان دەکات، بۆیە پێویستە پاڵپشتی بکرێن.



### «ئێستا زۆر شتی لە وەرزش گرنگتر هەیە پارەی بۆ خەرجبکرێت»

---

# کاپتنی یانەی دەربەندیخان: بە هۆکاری سیاسی دوورخراومەتەوە



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ دەربەندیخان**

کاپتنی تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان لە ڕێگەی (ڕووداوی وەرزشی) گلەیی لە ئیدارەی یانەی شارەکەی خۆی دەکات و دەڵێت «دوای 12 ساڵ خزمەتکردنم بە یانەی شارەکەم بە پیلانێکی پێشوەختە دووریان خستمەوە».

تیپی تۆپی پێی یانەی دەربەندیخان، کە لەم وەرزەدا ئاستی وەک پێویست نەبووە بەهۆی کێشە داراییەکان و چەندین کێشەی دیکەی پەیوەست بە یانەکە، کۆنترین یاریزانی پێکهاتەکەی دووردەخاتەوە، کە فەخرەدین ساڵحی کاپتنی یانەکەیە. لەو بارەوە ئەو کاپتنە هۆکاری دوورخستنەوەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکراکردو گوتی «من زیاتر لە 12 ساڵە خزمەتی یانەکەم دەکەم، بەڵام بە بێ هیچ هۆکارێک دووریان خستمەوە، ئەوەش بە پێی پیلانێکی دەستەی کارگێڕی یانەکە بووە». ئەو دەڵێت «هەر کەسێک بکەنە ڕاهێنەر بێ یەک و دوو لەگەڵ من دەبیێتە کێشە، ئەگەر باوکیشم ڕاهێنەر بێت دەبێ ڕەقی لە من ببێتەوە، بەردەوام دژایەتیم دەکەن». هەروەها فەخرەدین گوتیشی «ئەمساڵ ئاستمان زۆر خراپە، لە ڕیزبەندی 16 تیپدا لە پلەی 13هەمینداین، جگە لەوەش ئەو ڕاهێنەرانەی لە کەلار دووردەخرێنەوە لێرە دەیکەنە ڕاهێنەر، ئەوەش کێشەمان بۆ دەنێتەوە».

کاپتنی یانەی دەربەندیخان ئاماژە بۆ مەسەلەیەکی ترسناک دەکات و دەڵێت «بە پێشبینی خۆم لەوانەیە هۆکاری دوورخستنەوەم سیاسی بێت». هەروەها دەشڵێت «لە چەندین یانەی دیکەوە گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام من ناتوانم دەستبەرداری ئەو یانەیە بم، ئەوە یانەی شارەکەی خۆمە، دەمەوێ خزمەتی زیاتری بکەم».

---



# پلانەکەی دژ بە مۆندیالی قەتەر ئاشکرا دەبێت

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ دەوحە**

لەو ساتەوەی وەرەقە شینەکەی ناوی میوانداریکاری پاڵەوانیەتی جامی جیهانی 2022 بووەتە وڵاتی قەتەر، ئیدی زەنگی شەڕێکی سارد هەڵگیرساوەو زۆرینەی ڕکابەرەکانی ئەو وڵاتە زڵهێزەی کەنداو دەیانەوێت بۆ یەکەمجار وڵاتە بچووکەکە تووشی شەرمەزاری بکەن و ئەو ناوە بسڕنەوەو ناوێکی دیکە بخەنە شوێنی.


دەوحە، ئێستا پاڵەوانیەتی جیهان بۆ تۆپی دەست لە ئامێز دەگرێت و 4 ساڵی دیکەش پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدانی جیهان و دوای 3 ساڵ بە 2019 مۆندیال، بەڵام لە پاڵ ئەمانە کەسانی وەرزشی لە جەنگێکی ساردان لە دژی بەرامبەرەکانیان.


عەبدولڵا عەلی هاجری، لە ئاژانسی QNA ی قەتەری کە کۆنترین و گەورەترین ئاژانسی هەواڵی ڕۆنامەنووسی وەرزشییە، سەبارەت بەو پلان و هەڵایەی بەرامبەر فایلی قەتەر دەکرێت بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «عەقلێکی باش و سەرکەوتوو درێژخایەن بووە هۆکاری سەرکەوتنی ئەو پلانانەی قەتەر کە بەو شێوەیە پاڵەوانیەتییەکان لەخۆبگرێت و ژێرخانی وەرزشی مەزن لێبدات، بەڵام ئەوەی هۆکاری سەرەکی نانەوەی ئەو ئاژاوانە بێت کە بەرامبەرمان دەکرێت بەوەی نەتوانرێت مۆندیال بەسەرکەوتووی بەڕێوەبچێت لە 2022 یان ڕەخنە لە دروستکردن و کەمتەرخەمی یاریگەکان و کاتی پاڵەوانیەتییەکە بگیرێت دوو وڵاتن ئەوانیش بەریتانیاو ئیماراتن، ڕۆژنامەنووسی ئیماراتی هەبووە چەند مانگێک هاتووەتە دەوحە نیشتەجێبووە تەنیا بۆ جاسووسی کردن بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی بیەوێت ئەو فایلە بزڕێنێت». هەروەها گوتیشی «ئیماراتییەکان هەرگیز نایانەوێت قەتەر پێشبکەوێت، چونکە وادەزانن بە نانی ئەوان ئەم وڵاتە دەژی».

جەمال جەبەلی، پەیامنێری کەناڵی بین سپۆرتە لە ئیسپانیا، بەڵام ئەو ئێستا بەسەردانێک گەڕاوەتەوە دەوحە، لە بارەی وەرزشی قەتەرەوە دەڵێت «قەتەر بە هەموو پێوەرێک پایەختی وەرزشیی جیهانە، من زۆر شوێن دەبینم و زۆر ژێرخانی وەرزشیی و بەڕێوەبردنی وەرزشیم بینیوە، بەڵام قەتەر ئەوەی بە نیازەو بە تەمایە بیکات چاوەڕواننەکراو دەبێت و دەبێت بۆ هەموو مێژوو بمێنێتەوە».

جەبەلی گوتیشی «ئەوە خەونە فایلی قەتەر هەڵبوەشێنرێتەوەو مۆندیال بدەنە وڵاتێکی دیکە».

قەتەر خولی تۆپی پێی وڵاتەکەی لە چەند لیڤیلێەکە ئاستی تیپەکانی هێندە بەهێز نییە، بۆ هەر تیپێک 4 پیشەگەر یاریدەکات، تەواوی ئەو تیپانەش یاریگە و کۆمەڵگەی وەرزشیی خۆیان هەیە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئەو یاریگەیانە بۆ مۆندیالی 2022 بەکارناهێن، لیژنەی ئۆلۆمپی ئەو وڵاتە فیدراسیۆنی تۆپی پێی قەتەری گلۆپی سەوزیان هەڵکردووە بۆ دەستکردن بە دروستکردنی یاریگەکان و لە هەندێک ناوچەدا بناخەی ئەو یاریگانە بە تەواوی لێدراوەو دەستێکی کاری بەهێز لە کارکردن بە دروشمی بەرەو 2022 و خەونێکی چاوەڕنەکراو.





### جەمال جەبەلی: لە خەونیشدا مۆندیال لە قەتەر وەرناگیرێتەوە

دوای ئەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە دوایین یاریدا بەرامبەر یانەی قورتوبە لەلایەن ناوبژیوانەوە بە کارتی سوور دەرکرا، رۆژنامەکانی کەتالۆنیا دەستیانکردەوە بە بەراورد لەنێوان لیۆنێل میسی ئەستێرەی بارسیلۆنا و رۆناڵدۆ. ئەو رۆژنامانە پەسنی میسییان داو رایانگەیاند لە ماوەی دوایین 10 ساڵدا میسی هیچ کارتێکی سووری لە خولی ئیسپانیادا وەرنەگرتووە، لە کاتێکدا رۆناڵدۆ ماوەی 6 ساڵە لە لیگادا 5 کارتی سووری وەرگرتووەو نووسیویانە «ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی میسی کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆوە لەناو یاریگەدا».



## 10 - هیچ

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (336) سێشەممە 2015/1/27

نهێنییەکی ناو ماڵی مەدریدی..

# پیرێز گرێبەستەکەی ئەنچیلۆتی درێژ ناکاتەوە

## «پیریز گومانی هەیە ئەنچیلۆتی و یاریزانەکانی بە ئەنقەست خۆیان لە جامی شا بە دەرکردن دابێت»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

بەشێوەیەکی لەناکاو دەنگۆیەکانی درێژکردنەوەی گرێبەستی کارلۆ ئەنچیلۆتی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید کز بوون، بۆیە ئێستا گوێمان لە هیچ راپۆرتێکی دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا نابێت لە بارەی ئەو کێشەیە، هەرچەندە پێشتر قسە و باسەکان لەسەر درێژکردنەوەی گرێبەستەکەی زۆر گەرم وگوڕ بوو.

بەرنامەی ئیل گۆلییدای ئیسپانی ئاشکرایکردووە، فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید، پاشەکشەی لە درێژکردنەوەی گرێبەستەکەی ئەنچیلۆتی کردووە، کە چاوەڕوان دەکرا لە سەرەتای ساڵی نوێ و دوای بەدەستهێنانی جامی مۆندیالی یانەکان رابگەیێندرێت، بەڵام ئەمە روویندەدا و سەرچاوەکە باس لەوە دەکات «پیاوی یەکەم لە سانتیاگۆ برنابیۆ تاوەکو کۆتایی ماوەی گرێبەستەکەی ئەنچیلۆتی لە 2016 چاوەڕێ دەکات، پاشان بڕیاری درێژکردنەوەی یان هێنانی راهێنەرێکی دیکە دەدات».



### شکستەکەی جامی بەدڵ نەبوو

دەرکردن لە جامی شای ئیسپانیا لەسەر دەستی ئەتلەتیکۆ مەدریدی دراوسێی، گرنگترین هۆکارە وای لە پیرێز کردووە پەلە لە درێژکردنەوەی گرێبەستی ئەنچیلۆتی نەکات، چونکە بەرنامەکە پێیوایە پیرێز کاردانەوەی ئەستێرەکانی یانەکە و کارلیتۆی بەدڵ نەبووە، کە زۆر بە ساردی مامەڵەی لەگەڵ شتەکە کردووەو پێدەچێت کاری لێنەکردبێت، ئەمەش بە چاودانە سەر لێدوانەکانی کە دووپاتیکردەوە «چاو دەخەینە سەر لیگا و چامپیۆنسلیگ». هەروەها لێدوانەکانی رۆناڵدۆ کە گوتبووی «لەوانەیە دوورخستنەوە شتێکی ئەرێنی بێت». هەموو ئەو شتانە وایان لە سەرۆک کردووە گومانی ئەوە بکات راهێنەر و یاریزانەکان بە ئەنقەست خۆیان بە دەرکردن دابێت، ئەنچیلۆتی دانی بەوە نا پیرێز لە یاریزانەکان توورەبووە و دوای دێربی قسەی لەگەڵ ئەویش کردووە.

### 3 ناو بۆ شوێنگرتنەوەی کارلیتۆ

پێدەچێت پیرێز بیرۆکەی پێشوەختەی لە بارەی راهێنەری داهاتووی ریال مەدرید هەبێت، لە بەرنامەی ئیل گۆلییدا باس لەوە کرا، سەرۆک تاوەکو نزیکبوونەوەی کۆتایی گرێبەستەکەی ئەنچیلۆتی لە 2016 چاوەڕێ دەکات، بزانێت تا ئەوکات چی دەبێت، ئەگەر بە دڵی بوو گرێبەستەکەی درێژ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بە دڵی نەبوو 3 ناوی دەستنیشانکردووە شوێنی کارلیتۆ بگرنەوە، یەکەمیان یواکیم لۆفی راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە کە لە 2016 کۆتایی بە ماوەی گرێبەستەکەی دێت. دووەمیان زەینەدین زیدانی راهێنەری کاستیا و یاریدەدەری پێشووی ئەنچیلۆتییە. سێیەمیان رافائیل بینیتیزی راهێنەری ئێستا یانەی ناپۆلی ئیتاڵییە، کە شارەزای تەواوی یانەی شاهانەیە، چونکە خۆی کوڕی یانەکەیە و پێشتریش راهێنەری تیپی دووەمی بووە.

### کارلیتۆ ڕەتدەکاتەوە

لەلایەن خۆیەوە ئەنچیلۆتی لە لێدوانێکی بۆ رۆژنامەی مارکا، وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە گوایە خۆی و ئەستێرەکانی بە ئەنقەست خۆیان بەدەرکردن داوە لە جامی شای ئیسپانیا و ویستی بردنەوەیان نەماوە، ئەنچیلۆتی گوتی «بەردەوام هەمان ویستی بردنەوەم هەیە و یاریزانەکانیش بەهەمانشێوە، کەس کەمتەرخەم نییە و هەموو ئەو پەڕی توانیان دەخەنەگەڕ».

# میسی دەیکاتە 5 باڵۆن دۆر

## «لە 2015دا میسی زۆر لە ڕۆناڵدۆ باشترە»

**ڕووداوی وەرزشی - SPORT**

ئامار و ژمارەکانی هەردوو ئەستێرەی جیهانی، کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی و لیۆنێل میسی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەرجەنتینییەکە لە ساڵی 2015دا زۆر لە پورتوگالییەکە باشترەو ئەگەر وابڕوات «باڵۆن دۆری 2015 بۆ میسی دەبێت».

بێجگە لەوەی بە شایەتی چاودێران لیۆنێل میسی لە سەرەتای ساڵی 2015ەوە ئاستی راستەقینەی خۆی گەڕاندووەتەوە، کە دوو ساڵ بوو لە دەستی دابوو، ئەو ئامار و ژمارانەی لە مانگی یەکەمی ساڵی نوێدا تۆماریکردوون ئاماژەن بۆ باڵادەستی ئەو ئەستێرە ئەرجەنتینییە بە سەر کریستیانۆ رۆناڵدۆی باشترین یاریزانی جیهان. چونکە رۆناڵدۆ لە ساڵی 2015دا تاوەکو ئێستا 6 یاری بە دریسی ریال مەدریدەوە ئەنجامداوە، تیایاندا تەنیا 4 گۆڵی کردووە، واتە لە هەر یارییەکدا 0.6 گۆڵی تۆمارکردووە. هەروەها رۆناڵدۆ لەو 6 یارییەدا خاوەنی تەنیا ئەسیستێکە. هەرچی میسییە لە ساڵی نوێدا بەشداری لە 6 یاری بارسیلۆنادا کردووەو 8 گۆڵی تۆمارکردووە. واتە لە هەر یارییەکدا 1.3 گۆڵی تۆمارکردووە، هەروەها خاوەنی 5 ئەسیستیشە.

لەو بارەوە زۆر لە چاودێران پێیانوایە «ئەگەر میسی لەسەر ئەم ئاستە باشەی بەردەوام بێت، باڵۆن دۆری 2015 بۆ خۆی دەبێت».

### لە هاتریکیش باشترە

میسی لە یاری بەرامبەر دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیادا توانی هاتریکی ژمارە 33 خۆی تۆماربکات، لەگەڵ بارسیلۆنا (30 هاتریک) و لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتینیش (3 هاتریک). هەروەها میسی توانی بە تۆمارکردنی 2 گۆڵ لە ئیلچی گۆڵی ژمارە 21 لە لیگا تۆماربکات و زیاتر لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ نزیک بکەوێتەوە کە 28 گۆڵی تۆمارکردووە لەم وەرزەدا. بەمەش میسی سەرکەوتنی خۆی بەسەر رۆناڵدۆدا دووپاتکردەوە، کە لە کاروانی پیشەگەریدا 30 هاتریکی تۆمارکردووە، لەگەڵ ریال مەدرید (27 هاتریک) و لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال (2 هاتریک) و یەک هاتریکیشی لەگەڵ مانچستەر یونایتد. بێجگە لەوەش دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا سەرکەوتنی میسیان بەسەر رۆناڵدۆ راگەیاند، چونکە میسی لە کۆی 22 هاتریکی، کە لە خولی ئیسپانیا تۆماریکردوون، تەنیا 3 جار سوودی لە لێدانی سزا وەرگرتووە، بە پێچەوانەی رۆناڵدۆ کە لە 23 هاتریکدا بۆ 15 هاتریک سوودی لە لێدانی سزا وەرگرتووە. هەروەها رۆناڵدۆ لە وەرزی ئێستای لیگادا، لە کۆی 28 گۆڵ 8 گۆڵی بە لێدانی سزا تۆمارکردووە. هەرچی میسییە لە کۆی 21 گۆڵ تەنیا یەک گۆڵی بە لێدانی سزا تۆمارکردووە.



لە ئاهەنگی باڵۆن دۆردا قسەی لەگەڵ لیۆنێل کردووە..

# پیرێز پلانی ڕاوکردنی میسی بەدەستەوەیە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

رۆژنامەکانی مەدرید باس لەوە دەکەن کە سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بە نیازە هەموو جیهان تووشی شۆک بکات و لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی بباتە ریزەکانی یانەی شاهانە. رۆژنامەیەکی کەتالۆنیش شایەتی بۆ رۆژنامەکانی مەدرید دەدات.

بەم دواییە هەواڵێکی بە پەلە بڵاوبووەتەوە. ببینە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید کێ دێنێتە ریزەکانی ریال مەدرید!. ئەمە مانشێتی چەند رۆژنامەیەکی مەدریدی بوو، تەنانەت ئەو رۆژنامانەی لە هەرێمی کەتالۆنیاش دەردەچن، باس لەوە دەکەن «فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید هەوڵدەدات لیونێل میسی ئەستێرەی بارسیلۆنا بباتە ریزەکانی ریال مەدرید». یەکێک لەو رۆژنامانە نووسیویەتی «فلۆرەنتینۆ پیرێز مەحاڵ نازانێت». بە قسەی ئەو رۆژنامەیە پیرێز میسی زۆر خۆشدەوێت و دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت بیکاتە یاریزانی یانەکەی.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی، کە زۆر نزیکە لە یانەی بارسیلۆنا لەو بارەوە زانیاری نهێنی دەخاتەڕوو و دەڵێت «لە ئاهەنگی باڵۆن دۆری 2014دا پیرێز خۆی لە میسی نزیک کردووەتەوەو قسەی لەگەڵ کردووە». هەروەها نووسیویەتی «پیرێز میسی زۆر خۆش دەوێ و زۆر پێی سەرسامە، لەبەرئەوە دەیەوێ هەمان سیناریۆی لویس فیگۆ دووبارە بکاتەوەو بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو میسی لە بارسیلۆناوە بباتە ریال مەدرید». هەمان سەرچاوە باس لەوە دەکات کە پیرێز بۆ کڕینی میسی ئامادەیە 250 ملیۆن یۆرۆ بخاتە سەر مێزی دانوستانەکان.



KOREK
ژمارە (336) سێشەممە 2015/1/27



## ڕاستە

فرانک دیبۆری ڕاهێنەری هۆڵەندی یانەی ئەجاکس ئەمستردام دانی بەوەدانا کە ئیدارەی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی داوایلێکردووە ببێتە ڕاهێنەری ئەو یانەیەو لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، بەر لە دوو ساڵ لیڤەرپوول داوایلێکردم ببمە ڕاهێنەری، بەڵام ڕەتمکردەوە، چونکە ئەوکات گرێبەستم لەگەڵ ئەجاکس مۆرکردبوو». هەروەها ئەو ڕاهێنەرە دووپاتیکردەوە کە بەڕاستی خەون بەوە دەبینێت ببێتە ڕاهێنەری یانەیەکی خولی ئینگلیزی یان ئیسپانی یان ئەڵمانی، بەڵام وەکخۆی گوتی «پێویستە چاوەڕێ بم تاوەکو دەرفەتێکی گونجاوم بۆ دەرەخسێت».



# ئۆدیگارد کوڕێکی بێشەرم و دووڕووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO**

هەوادارانی یانەی بارسیلۆنای کەتالۆنی هێرشێکی توندیان دژی مارتن ئۆدیگاردی یاریزانی گەنجی نەرویجی دەستپێکرد، دوای ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدریدی ڕکابەری یانەکەیان کردو بە پیاوێکی بێشەرم و دووڕوو ناویانبرد.

دوای گواستنەوەی بە شێوەیەکی فەرمی بۆ ڕیال مەدرید، ئۆدیگارد کە پێشتر بەردەوام پەسنی لیۆنێل میسی دەدا و لەسەر تویتەر و فەیسبووک بە شانی باڵی هەڵدەدا، ئەو ئەستێرە ئەرجەنتینییەی پشتگوێخست و ئەو دوو تویتەی لابرد کە پێشتر لەسەر میسی نوسیبووی و پەسنی ئەستێرە ئەرجەنتینییەکەی دابوو. لە یەکێکیاندا نوسیبووی «لەگەڵ میسی چێژ لە سەربوردەیەکی دیکە وەرگرە». بەڵام دوای گواستنەوەی بۆ ڕیال مەدرید، ئۆدیگارد 180 پلە بایداوەو لە یەکەم هەڤپەیڤینیدا لە دوای گرێبەستکردن لەگەڵ ڕیال مەدرید، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە کامیانی پێباشترە ڕۆناڵدۆ یان میسی؟ ئەو کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی بە پێش لیونێل میسی ئەرجەنتینی خست. بۆیە کەتالۆنییەکان هێرشێکی توندیان کردە سەرو بە چەندین کۆمێنت وەسفیان کرد. بۆ نموونە لە یەکێک لە پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا نووسرابوو «ئۆدیگارد سەلماندی بەندەی پارەیە». هەروەها یەکێکیش نووسیبووی «ئۆدیگارد کوڕێکی دووڕووە، تا دوێنێ میسی پێباشتر بوو، کەچی بەهۆی ئەوەی مووچەیەکی باش لە ڕیال مەدرید وەردەگرێت زۆر بێشەرمانە لە قسەکانی خۆی پاشگەز بووەوە و گوتی ڕۆناڵدۆ لە میسی باشترە».

مارتن ئۆدیگارد، ئەستێرەی لاوی نەرویجی، یانەی ڕیال مەدریدی پێش یانە گەورەکانی دیکەی ئەورووپا خست و چووە ریزەکانی یانەی شاهانە، ئۆدیگارد خۆشحاڵی خۆی بەو گواستنەوەیە دەربڕی. کە یانەکانی لیڤەرپوول، بایرن میونشن، ئارسناڵ و بارسیلۆنا لەگەڵ ڕیال مەدرید کەوتنە ڕکابەری بۆ ئەوەی ئۆدیگاردی خاوەن 16 بەهار بگوازنەوە ریزەکانیان، بەڵام ڕیال مەدرید لە کۆتاییدا دەستەوارەکەی بۆخۆی یەکلاییکردەوە.



# ماسکیرانۆ حەزی لە گۆشتی برژاوەو ڕقی لە مۆسیقایە

**ڕووداوی وەرزشی ـ BARCA4EVER**

خافییر ماسکیرانۆ، ئەستێرەی یانەی بارسیلۆنا و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ دەستەی ماندەرانی بلاوگرانا، کە لە خواردنگەی سوداد کوندال ئەنجامدرا، تەنیا باسی ژیانی تایبەتی خۆی کرد و بە هیچ شێوەیەکی باسی تۆپی پێی نەکرد.

ماسکیرانۆ، لەو هەڤپەیڤینەدا خۆشەویستی خۆی بۆ شاری بارسیلۆنا دەربڕی و بە بۆینس ئایرسی چواند و لەو بارەوە گوتی "بارسیلۆنا شارێکی زۆر نایابە، باشترین شارە بۆ ژیان بردنەسەر تێیدا، هەرچەندە شارێکی گەورەیە بەڵام گەشتکردن تێیدا ماندووت ناکات، هەموو شتێکی تێیدا کە بتەوێ".

### ژنەکەی لەو باشترە

ماسکیرانۆ، لە درێژەی قسەکانیدا لەسەر ژیان لە بارسیلۆنا دووپاتیکردەوە، شێوازی ژیان لە بارسیلۆنا زۆر لە شێوازی ژیان لە ئەرجەنتین دەچێت و گوتی "خەڵکێکی زۆری ئەرجەنتین لێرە دەژین، بۆیە ئەوان کاریگەری زۆریان بەسەر منەوە هەیە، چونکە من 10 ساڵە لە دەرەوەی ئەرجەنتین دەژیم".

ماسکی لە بارەی هەندێ دابونەریتی ئەرجەنتینی خۆشەویست لە دڵی گوتی "هەر کاتێک دەرفەتمان هەبێت خواردنی ئەرجەنتینی دەخۆین وەک گۆشت، بە تایبەتی گۆشتی برژاو کە زۆرم حەز لێیەتی". هەروەها گوتیشی "دەتوانم چێشت دروست بکەم، هەندێجار خۆم ئازا دەکەم و توانای خۆم لە چێشتلێنان تاقیدەکەمەوە، بەڵام هاوسەرەکەم لە چێشتلێنان زۆر لە من باشترە".

### ئارەزووی خوێندنەوەیەو حەز لە مۆسیقا ناکات

هەرچەندە زۆر حەزی لە ئاهەنگەکانی گۆشت برژاندنە، بەڵام ژەمەکانی سادە و وەرزشین و لەو بارەوە دەڵێت "من ژەمی سادە و وەرزشی دەخۆم، کە بۆ یاریزان پێویستن، زۆر بایەخ بە خۆم دەدەم و بە ئاگام لە مبارەوە، حەزم لە هەموو جۆرە خواردنێکە و بەردەوام هەوڵی گۆڕانکاری دەدەم". ماسکی هەروەها لە بارەی ئارەزووەکانی گوتی "حەزم لە مۆسیقا نییە و خوێندنەوە و سینەمام پێباشترە، هەروەها زۆر سەیری زنجیرەکانی تەلەڤزیۆن دەکەم، هەوڵدەدەم زۆرترین کات لە ماڵەوە بەسەر ببەم و سوود لە کاتی بەتاڵ وەرگرم، بۆ ئەوەی سەیری هەندێ فیلم یان زنجیرەی تازە بکەم".



## ساڵانە داهاتی ڕۆناڵدۆ لە گرێبەستە بازرگانییەکان 32 ملیۆن یۆرۆیە

پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ بەهاکەی بەرزتربێتەوە..

# ڕۆناڵدۆ پارەی بەسەردا دەبارێ

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

بە گوێرەی توێژینەوەکانی ناوەندی EBAM بۆ توێژینەوەی بازاڕیکردن، ئاستی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی وەک مارکەیەکی بازرگانی لە بەرزبوونەوەدایەو لە ساڵی 2014 گەیشتە 54 ملیۆن یۆرۆ، کە بە بڕی 11 ملیۆن یۆرۆ لە ساڵی 2013 زیاترەو پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2015ش بەرزتربێتەوە.

بە پێی ئەم ئامارانە بەهای ڕۆناڵدۆ لە ساڵی ڕابردوودا وەک مارکەیەکی بازرگانی بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 دووقات بووەتەوە، کە ئەوکات بەهاکەی 24.5 ملیۆن یۆرۆ بوو. ئەو ناوەندە بۆ توێژینەوەکەی شێوازێکی کرداری بە ناونیشانی (ئامارەی ناودەنگی وەرزشیی) بەکارهێناوە، کە ناودەنگ و جەماوەریی وەرزشوانەکە بە چەندین پێوەر هەڵدەسەنگێنێت، بۆ ئەمەش پشتی بە شرۆڤەکردنی داهات و ئامادەبوونی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئینتەرنێت و وێنەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری ڕۆناڵدۆ بەستووە، کە 88 خاڵی لەو پێوەرە بەدەستهێناوەو پلەکانی لە نێوان 0 و 100 دایە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەسەر ئینتەرنێت ئامادەبوونێکی بەهێزی هەبوو بۆیە 100 خاڵی لەو لایەنە بەدەستهێنا. ڕاپۆرتەکە باس لەوەدەکات کە ژمارەی ئەو کەسانەی لایکی لاپەڕەی فەرمی ڕۆناڵدۆیان کردووە لە فەیسبووک گەیشتووەتە 104 ملیۆن، لە تویتەر گەیشتووەتە 32 ملیۆن، هەروەها ئەو پاڵەوانی ملیۆنی گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەر یوتیوبە. لەسەر ئاستی داهاتیش 99 خاڵی بەدەستهێناوە، چونکە مووچەی ساڵانەی زیاتر لە 17 ملیۆن یۆرۆیە، بێجگە لە 32 ملیۆن یۆرۆ لە داهاتی گرێبەستی بازرگانی.

یەکەم ڕاهێنەری ئەو بووە..

# شاهیدێکی دیکە لەسەر بلیمەتی ڕۆناڵدۆ



**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

لاسلۆ بۆلۆنی، یەکەم ڕاهێنەری کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دووپاتیکردەوە "داوام لێیکرد زۆر تۆپ لای خۆی نەهێڵێتەوە و تووشی هیچ کێشەیەک لەگەڵی نەبووم، کە بەمدواییە سێیەم خەڵاتی باڵۆن دۆری پێدرا".

بۆلۆنی، لە ساڵانی 2001 و 2003 ڕاهێنەری ڕۆناڵدۆ بوو لە یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنەی پورتوگالی. ئەو بۆ گۆڤاری فرانس فوتبۆلی بەناوبانگی فەرەنسی دوا و گوتی "لە سەرەتادا پێویست بوو هەندێ زیادەڕوویی بەردەوامی بوەستێنم و هەندێ شتی بۆ ڕاست بکەمەوە، ڕۆناڵدۆ نەیدەتوانی لە دەرخستنی لێهاتوویی خۆی بوەستێت و زیاد لە پێویست تۆپی لای خۆی دەهێشتەوە، بۆیە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو نەریتە جۆرێک بوو لە شێتی و گرنگترین بەشی پیشەکەم بوو، بۆ ئەوەی هاوسەنگی پێویستی پێببەخشم".

ڕۆناڵدۆ، ساڵی 2002 یەکەم یاری لە چامپیۆنسل[...] یانەی ئینتەرمیلان ئەنجامدا. بۆلۆنی کە دانی بە پێش[...] هەر لە منداڵییەوە دەنێت، گوتی "ئایا ئامادەی یا[...] بەڵێ ئەو یاریزانێکی ئازا و بە ئارەزوومەند بوو[...] نەدەکەوت و هۆکاری هیچ کێشەیەکی گەورە نەبوو".

ڕۆناڵدۆ، ساڵی 2003 چووە ریزەکانی یانەی مانچس[...] ئینگلیزی و هەر زوو شوێنی خۆی لە ئۆڵد ترافۆڵد ک[...] دیارترین یاریزانی یانەکە. بۆلۆنی دەڵێت "پێشبینیم د[...] پێویستی بە کاتی زیاتر بێت، چونکە تەمەنی 18 س[...] بە هەڵەدا چووبووم، دوای 6 مانگ بە زمانی ئینگ[...] دەکرد و لە یەکەم وەرزیدا بەشداری 30 یاریکرد". هەر[...] "ڕۆناڵدۆ زوو خۆی لەگەڵ هەڵوێستە تازەکان را د[...] ڕووی زەینەوە زۆر بەهێز و بلیمەتە".

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



« 21 ساڵە فێرگسۆن لێم تووڕەیەو هێشتا لێم خۆش نەبووە، چونکە ساڵی 1994 داوای لێکردم بچمە ریزەکانی مانچستەر یونایتد، بەڵام داواکەی ئەوم ڕەتکردەوە

ئۆلیڤەر کان

(گۆڵچی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



« هەر کاتێ میسی و ڕۆناڵدۆ لە 3 پاڵێوراوەکەی باڵۆن دۆر بوون، پێویستە سێیەم پاڵێوراوەکە باش بزانێت کە ئەو تەنیا بۆ وێنەگرتن دەچێتە ئاهەنگەکە

فرانک ریبێری

(یاریزانی یانەی بایرن میونشن)



« زۆر سەیرم بەوانە دێت کە باسی مارادۆنا و پێلێ و نازانم کێ و کێ دەکەن، چونکە تەمەنم 50 ساڵە هێشتا یاریزانێکم نەبینیوە وەک میسی یاریبکات

فران ئیسکریبیا

(ڕاهێنەری یانەی ئێلچی)



« هیچ گوێ بەوانە نادەم کە گاڵتە بە هاوارکردنەکەی من لە ئاهەنگی باڵۆن دۆر دەکەن، هەرکاتێ گۆڵ بکەم یان دەستکەوتێک بەدەست بهێنم بەو شێوەیە هاواردەکەمەوە

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

(ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدرید)



« خەون بەوە دەبینم یاری وازهێنانم لە نێوان بارسیلۆنا و هەڵبژاردەی فەرەنسا بێت بە سەرۆکایەتی زینەدین زیدان کە بێگومان من لەگەڵ تیپی زیدان دەبم

ئێریک ئەبیدال

(بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا)



« لە ڕاستیدا ئەگەر من نەبووومایە یاریزانی تۆپی پێ ئەوا بێگومان دەبوومە پۆلیس یان فەرمانبەری بانک، چونکە زۆر حەزم لەو دوو پیشەیە

فلیپ لام

(کاپتنی یانەی بایرن میونشن)

رووداو وەرزشی
ژمارە (336) سێشەممە 2015/1/27



## درۆیە

لویس ئێنریکی راهێنەری یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی ئەوەی رەتکردەوە کە هەمیشە یاریزانانی لەناو یاریگەدا رەخنە لە ناوبژیوان بگرن بۆ ئەوەی فشاری بخەنە سەر و گوتی «درۆیە، یاریزانانی بارسێلۆنا لە چاو یاریزانانی یانەکانی دیکە هیچ رەخنە لە ناوبژیوان ناگرن، ئەگەر سەیری تیپەکانی دیکە بکەین دەبینین بەردەوام رەخنە لە ناوبژیوان دەگرن و کاتێکیش دەدۆڕێن هۆکارەکەی بۆ ناوبژیوان دەگەڕێننەوە، بەڵام یاریزانانی بارسێلۆنا قەت ئەو کارە ناکەن، چونکە هەموویان کوڕی رۆشنبیر و تێگەیشتوون» .

## 86 گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

لە ئەوروپا و زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا بەهرەی وەرزشیی کورد زۆرن، بەتایبەتیش بەهرەی تۆپی پێ، کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت. بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشتوون. (ئەیاس لێڕی) بە هاوکاری (رووداوی وەرزشی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە. کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (رووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

ئا: ئەیاس لێڕی



ناو: ئۆفێر کرایاف
بەرواری لەدایکبوون: 17/3/1991
شوێنی لەدایکبوون: ئۆرشەلیم
شوێنی یاریکردن: هێڵی ناوەڕاست

### ئۆفێر کرایاف..

## ئەو کوردەی یاری بۆ هەڵبژاردەی ئیسرائیل دەکات

ئۆفێر کرایاف، یاریزانێکی تۆپی پێی بە رەچەڵەک کوردی باشووری کوردستانە. لە ئیسرائیل لەدایکبووەو لە خولی نایابی ئیسرائیلی یاری کردووە. ئەو یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسرائیلی خوار تەمەن 21 ساڵی بووە.

ئۆفێر کرایاف، کە ئێستا تەمەنی تەنیا 24 ساڵە، لە جامی نەتەوەکانی ئەوروپای 2013ی خوار تەمەن 21 ساڵی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسرائیل 3 یاری لە قۆناخی گرووپەکان ئەنجامدا، بەرامبەر هەریەک لە هەڵبژاردەکانی نەرویج و ئینگلتەرا و ئیتاڵیا. یاری یەکەمی لە رۆژی 2013/6/5 بووە، بەرامبەر هەڵبژاردەی نەرویج، کە بە ئەنجامی 2 گۆڵ بۆ هەردوولا بە کۆتاهات. یاری دووەمیشیان بە ئەنجامی 4 گۆڵی بێبەرامبەر بە ئیتاڵییەکان دۆڕاند و یاری سێیەمیان بە گۆڵێکی بێبەرامبەر لە هەڵبژاردەی ئینگلتەرای بردەوەو بە 4 خاڵ و پلەی سێیەم ماڵئاواییان لە خولەکە کرد.

ئۆفێر کرایاف، کە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات، لە ساڵی 2011 لە یانەی BEITAR JERUSALEMی ئیسرائیلی دەستی بە یاریکردن کردووە.

کاپتن کرایاف لە وەرزی 2011 ـ 2012ی خولی نایابی ئیسرائیلی 9 یاری بۆ یانەکەی ئەنجامداوەو لە 2012 ـ 2012یش بە شێوەیەکی سەرەکی یاری کردووەو لە 26 یاری بەشداربووە. بۆ وەرزی 2013 ـ 2014ش بەشداری لە 30 یاریدا کردووەو بووەتە باشترین یاریزانی یانەکەی لە هەمان وەرزدا.

ئەو یاریزانە بە رەگەز کوردە، بۆ وەرزی 2014 ـ2015 لە 9 یاریدا بەشداریکردووە و بەهۆی ئاست بەرزییەکەی ئێستا کاپتنی یانەکەیەتی و ئاستێکی بەرزی لەگەڵدا پێشکەش دەکات.





نهێنی ئەستێرەیەک..

# بە هەموویان کرووسیان پێ پەشیمان نەکرایەوە

رووداوی وەرزشی - DW

ماڵپەری سەوا مەدریدیستا نهێنییەکی تۆنی کرووسی یاریزانی ئەڵمانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرادەکات، کە ئەو یاریزانە چەند سوور بووە لەسەر ئەوەی بچێتە ریزەکانی ریال مەدرید و چۆن هەموو دەستەی کارگێڕی و یاریزانانی بایرن میونشن نەیانتوانیوە ئەو لە داواکەی پەشیمان بکەنەوە.

یۆب هاینکس، راهێنەری پێشووی بایرن میونش ئەو نهێنییەی تۆنی کرووسی یاریزانی پێشووی بایرن میونشن و ئێستای ریال مەدرید لە دوایین رۆژەکانی لە بایرن بۆ دەزگاکانی راگەیاندن ئاشکرادەکات و باس لەوە دەکات کە چۆن هەموو دەیانویست رازی بکەن بمینێتەوە. هاینکس لەو بارەوە دەڵێت "داوامان لە هەموو ئەو کەسانە کرد کە پەیوەندیان بە کرووسەوە هەیە قسەی لەگەڵ بکەن و رازی بکەن نەچێتە ریال و لە بایرن بمینێتەوە، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر رۆیشتن".

هاینکس کە پێشتر راهێنەری ریال مەدریدیش بووەو ساڵی 1998 نازناوی چامپیۆنسلیگی لەگەڵ بەدەستهێناوە دەڵێت "ئەوکاتەی کرووس لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە مۆندیالی بەرازیل بوو پەیوەندیم پێوەکرد و داوالێکرد و ئامۆژگاریم کرد لە بایرن میونشن نەڕوات و نەچێتە ریال مەدرید، بەڵام کرووس لەسەر رۆیشتن سووربوو و پێیگوتم، چوونم بۆ ریال مەدرید مانای ئەوەیە کە بوومەتە یاریزانێکی کامل".

لە بارەی رەوشی ئێستای کرووس و بەوەی ئامۆژگاریەکەی لە جێگەی خۆیدا نەبووەو ئەو ئێستا لە ریال مەدرید زۆر دەرەوشاوەیە؟ هاینکس دەڵێت "ئەنچیلۆتی راهێنەرێکی نایابە، توانی زۆربە ئاسانی کرووس لەگەڵ تیپەکەی بگونجێنێت".



چێڵسی دەیەوێ سیناریۆی بالاک دووبارە دەکاتەوە..

# مۆرینیۆ تەڵەی بۆ شڤاینشتایگەر داناوەتەوە

رووداوی وەرزشی - DW

پێدەچێت یانەی چێڵسی ئینگلیزی بیەوێ زەبرێکی کوشندە لە یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بوەشێنێت و هەمان سیناریۆی 5 ساڵ پێش ئێستا دووبارە بکاتەوە، کاتێک مایکل بالاکی ئەستێرەی یانەی باڤاریا، کە ئەوکات یەکێک بوو لە باشترین یاریزانانی هێڵی ناوەڕاست لە جیهان بردییە ریزەکانی خۆی.

ئەمجارە چێڵسی دەیەوێ باستیان شڤاینشتایگەر بباتە ریزەکانی، کە یەکێکە لە باشترین یاریزانانی ئێستای جیهان لە شوێنەکەی خۆیدا. لەو بارەوە رۆژنامەی ئێکسپرێسی بەریتانی بڵاویکردووەتەوە، هەردوو یانەی چێڵسی و مانچستەر یونایتد بایەخ بە تواناکانی شڤاینشتایگەر دەدەن و پێدەچێت رکابەرییەکی توندی یەکدی بکەن، چونکە شڤاینی لە ساڵی 2016 کۆتایی بە ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ بایرن میونشن دێت. شڤاینشتایگەر بە رۆژنامەی کیکەری ئەڵمانی راگەیاندووە "بۆ تازەکردنەوەی گرێبەستەکەم هیچ پەلەم نییە، هیچ نیگەران نیم، چونکە هێشتا ساڵێکم ماوە". هەروەها گوتیشی "گرنگ ئەوەیە ئێستا توانای جەستەییم بەدەست بێنمەوە، لە پێکانەکەم چاک بوومەتەوە، با بزانین چی دەبێت".

شڤاینشتایگەر لە وەرزی ئەمساڵدا لەگەڵ بایرن میونشن بەشداری لە 8 یاری کردووە و یەک تاکە گۆڵیشی تۆمارکردووە. کە بە بۆچوونی هەندێک لە چاودێران خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری چێڵسی و ئەبرامۆڤیچی سەرۆکی ئەو یانەیە دەتوانن شڤاینشتایگەریش وەک بالاک رازی بکەن بۆ رێگەگرتن بەرەو لەندەن.

"چاودێران دەڵێن ئەبرامۆڤیچ دەتوانێت شڤاینشتایگەریش وەک بالاک رازی بکات"

یگ بەرامبەر
ەیی رۆناڵدۆ
ریکردن بوو؟
ە هەرگیز دوا

تەر یونایتدی
کردەوەو بووە
ەکرد رۆناڵدۆ
اڵ بوو، بەڵام
لیزی قسەی
وەها گوتیشی
دەهێنا، ئەو لە



کریستیانۆ رۆناڵدۆ 8 ساڵی دیکە یاری بۆ ریال مەدرید دەکات، چونکە لە تەمەنی 38 ساڵیدا بە یەکجاری واز لە یاریکردن دێنێت

خۆرخێ میندێز
(بەڕێوەبەری کارەکانی کریستیانۆ رۆناڵدۆ)



من یاریکردنی پێلێ و مارادۆنام تەنیا لە ڤیدیۆ بینیوە، بۆیە بۆ من کریستیانۆ رۆناڵدۆ باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا

کلاودیۆ مارکیزیۆ
(یاریزانی یانەی یوڤانتۆس)



بایرن میونشنی ئێستا باشترین تیپە لە مێژووی تۆپی پێدا، چونکە لە گۆڵچییەوە تاوەکو دوایین هێرشبەر بێ کەم و کوڕییە

ئۆتمار هێتسفێلد
(راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی سویسرا)



لە راستیدا یاریزانەکانم بە ئاشکرا لەناو ژووری جلگۆڕیندا جگەرەیان دەکێشا، بەڵام لەمەودوا ئەوەی جگەرە بخوات لە تیپەکەم دەریدەکەم

نەبیل مەعلول
(راهێنەری هەڵبژاردەی کوێت)



زۆر زۆر سەرسامم بەو یاریکردنەی میسی و نیمار پێکەوە دەیکەن، بەڕای من ئەوان بوێرترین دووانەن لە مێژووی تۆپی پێدا

گاری لینیکەر
(هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا)



خۆزێ مۆرینیۆم وەک مرۆڤێک خۆش ویستبێت یان نا، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە ئەو راهێنەرێکی زۆر گەورەیە

لیۆنێل میسی
(ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنا)



### ئایا دەزانی؟

نیمار دا سیلڤای یاریزانی بەرازیلی و هێرشبەری یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، خرایە نێو بەراوردێک لەگەڵ رۆماریۆی ئەستێرەی پێشووی سامبا و بارسێلۆنا، لە رووی هەوڵ و ژمارە و گۆڵی هەردووکیان لەگەڵ بارسادا. رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی تیشکی خستە سەر شکستی نیمار لەو بەراوردکردنە لەگەڵ رۆماریۆ بە جلی بارساوەو باسی لەوە کردووە کە نیمار دوای بەشداریکردنی لە یاری بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید گەیشتە یاری ژمارە 69 بە درێسی بلاوگرانا، ژمارەکانی رۆماریۆ لەوەندە یارییە زۆر لە ژمارەکانی نیمار باشتر بوو، چونکە نیمار لەوەندە یارییەدا 32 گۆڵی تۆمارکردووە، کەچی رۆماریۆ لەوەندە یارییەدا 39 گۆڵی تۆمارکردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە نیمار لە یاری ژمارە 70ی خۆیدا لەگەڵ بارسێلۆنا، کە بەرامبەر یانەی ئێلچی بوو، توانی 2 گۆڵ تۆمار بکات و ژمارەی گۆڵەکانی بە درێسی بارسێلۆنا بگەیێنێتە 34 گۆڵ.

رووداو وەرزشی
ژمارە (336) سێشەممە 2015/1/27



باشترینە

ماڵپەڕی فەرمی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی رایگەیاند کە بە پێی ئامارەکان چابی ئەلۆنسۆی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی باڤاری باشترین پاسدەری قۆناخی یەکەمی بۆندسلیگایە. وەک ئەو ماڵپەڕە باسی کردووە «ئەلۆنسۆی تەمەن 32 ساڵ لە 15 یاریدا کە لەگەڵ بایرن میونشن بەشداریکردووە، 1641 پاسی داوەتە هاوڕێکانی و 1476 لەو پاسانەی بە دروستی گەیاندووەتە جێگەی مەبەست، واتە رێژەی دروستی پاسەکانی 89.9% بووە، کە هیچ یاریزانێکی دیکەی بۆندسلیگا نەیتوانیوە ئەو رێژەیە تۆماربکات».

## بڕوا بکەی یان نا..؟!

# مووچەی جۆڤینکۆ لە رۆبن زیاترەو کانتۆنا خەمی شارلی ئیبدۆی نییە

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

## کانتۆنا خەمی شارلی ئیبدۆی نییە



ئێریک کانتۆنای یاریزانی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتدو هەڵبژاردەی فەرەنسا داکۆکی لە ئیسلام و موسڵمانان کردو داوایکرد ئەو ئایینە جوانە بە تیرۆر و ئەو رووداوانەی بەمدواییە روویاندا، هاوشێوەی هێرشکردنە سەر رۆژنامەی شارلی ئیبدۆ لە پاریس بەیەکەوە گرێ نەدەن. کانتۆنا کە بە لێدوانە سەیرەکانی ناسراوە دووپاتیکردەوە «ئیسلام ئایینی خۆشەویستی و لێبوردەییە، موسڵمان تاوان و ئەو کردەوانە ئەنجام نادات، کە پێشتر هەندێک خستوویانەتە پاڵ موسڵمانان، بۆیە دەبێت پشکنین بکرێت و دوژمنانی راستەقینەی فەرەنسا بدۆزرێنەوە». کانتۆنا بێزاری خۆی لە بیستنی زاراوەی (موسڵمانی میانڕەو) دەربڕی و دووپاتیکردەوە «ئەوە وشەیەکی راست نییە، چونکە ئیسلام خۆی میانڕەوەو موسڵمانی میانڕەو و موسڵمانی نا میانڕەو نییە». دوای ئەم قسانە هەندێک پێیانوابوو کانتۆنا لەگەڵ قوربانییەکانی رۆژنامەی شارلی ئیبدۆ هاوخەم نییە، لە کاتێکدا کانتۆنا لەو کەسانەیە کە پێشی هەمووان واژووی لەسەر ئازادکردنی مەحموود سەرسەکی یاریزانی فەلەستینی کردووە، ئەو یاریزانەی کە 3 ساڵ بە بێ دادگاییکردن بەندکرا.

## مووچەی جۆڤینکۆ لەوەی رۆبن زیاترە



ئەو مووچەیەی بڕیارە سیباستیان جۆڤینکۆی یاریزانی ئیتاڵی یانەی یوڤانتۆس لەگەڵ یانەی تۆرنتۆی کەنەدی، کە لە خولی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاریدەکات، وەری بگرێت، بووەتە مایەی سەرسوڕمانی دەزگاکانی راگەیاندن لە ئیتاڵیا. چونکە بێجگە لە دەزگاکانی راگەیاندن هاندەرانیش لەو نهێنییە نەگەیشتوون، لەبەرچی مووچەی جۆڤینکۆی هێرشبەری ئیتاڵی کە سوورە لەسەر جێهێشتنی ریزەکانی یوڤانتۆس، بۆ 4 وەرز لە سەرووی 35 ملیۆن یۆرۆیە، ئەوەش تەوژمێکی گاڵتەپێکردنی ناوەتەوە، چونکە ئەو مووچەیەی جۆڤینکۆ وەری دەگرێ لە مووچەی زۆر ئەستێرەی بەناوبانگ زۆرترە، وەک ئارین رۆبنی ئەستێرەی هۆڵەندی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانیا و کەریم بنزیمەی هێرشبەری فەرەنسی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی زیاترە. دەزگاکانی راگەیاندنی ئیتاڵیا بە گاڵتەوە نامەیەکیان ئاراستەی جۆڤینکۆ کرد و هانیان دا روو لە خولی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات، بۆ ئەوەی برە پارەیەکی باش کۆبکاتەوە.

## سێلفییەکەی تۆتی لە ناوبانگدەرکردن بەردەوامە





چەند جۆرە درێسێک چاپکراوە و دەفرۆشرێت، ئەمەش وایکردووە هاندەرانی رۆما ئەو جۆرە درێسان بکڕن و رەواجێکی باشی پەیداکردووە، چونکە هەموویان ئەو گۆڵە جوانەیان لە دێربی بیر دەکەوێتەوە، چەندین دەزگای راگەیاندن لە ئیتاڵیا باس لەوە دەکەن، ئەو گرتە سێلفیەی تۆتی بەم نزیکانە دەکرێتە پەیکەر و لە گەڕەکێکی پایتەختی ئیتاڵیا دادەنرێت، کە هەندێ هاندەری رۆما دەیانەوێ وەک شکۆیەک بۆ تۆتی و شاری رۆما پەیکەرەکە دروست بکەن و دابنێن.

تاوەکو دێت سێلفییەکەی فرانچیسکۆ تۆتی زیاتر ناوبانگ دەردەکات. بەم دواییە لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا چەندین جۆرە درێس نمایش کراوە کە وێنە فرانچیسکۆ تۆتی کاپتنی رۆمایان لەسەرە. تۆتی دوای ئەوەی گۆڵی یەکسانبوونی لە یانەی لازیۆ تۆمارکرد وێنەیەکی خۆی بە سێلفی گرت، ئێستا ئەم وێنەیە لەسەر



| Cards per game | | |
|---|---|---|
| Top 5 European League | | |
| Competition | Yellow | Red |
| La Liga | 5.43 | 0.20 |
| Serie A | 4.72 | 0.33 |
| Premier League | 3.74 | 0.20 |
| Bundesliga | 3.57 | 0.14 |
| Ligue 1 | 3.14 | 0.17 |
| Season 2014/2015 | | |

## لە 5 گەورە خولی ئەوروپادا..

# لیگا توندترین و لیگ وەنیش پاکترینە

**رووداوی وەرزشی ـ LIGA4EVER**

خولی ئیسپانیا لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا لەنێو هەر 5 گەورە خولی ئەوروپادا توندترین خولی ئەوروپایە، بەو پێیەی ناوبژیوانان زۆرترین کارتی زەرد و سووریان بە رووی یاریزانانی یانەکانی ئەو خولەدا بەرزکردووەتەوە.

ژمارەی کارتەکانی لیگا لە یەک یاریدا گەیشتووەتە 5.43 کارتی زەرد، رێژەی دەرکردنیش بە کارتی سوور گەیشتووەتە 0.20 بۆ هەر یارییەک. خولی سیریا ئەی ئیتاڵیا لە پلەی دووەم دێت بە رێژەی 4.72 کارتی زەرد و 0.33 حاڵەتی دەرکردن لە یەک یارییدا. لە پلەی سێیەمیش خولی پریمەرلیگی ئینگلزی دێت بە رێژەی 3.74 کارتی زەرد و 0.20 حاڵەتی دەرکردن لە یەک یارییدا. خولی بۆندسلیگای ئەڵمانیاش لە پلەی چوارەم دێت بە رێژەی 3.57 کارتی زەرد و 0.14 کارتی سوور لە هەر یارییەکدا. دوایین و پێنجەم پلەش بەر خولی لیگ وەنی فەرەنسا کەوتووە بە رێژەی 3.14 کارتی زەرد و 0.14 حاڵەتی دەکردن لە یەک یارییدا.

# چارەنووسی فالکاو بووەتە مەتەڵ



**ئا: رووداوی وەرزشی**

هیچ دەنگێک بەسەر دەنگی ئەو ژاوە ژاوە ناکەوێت کە لەسەر کێشەی رادامیل فالکاو خولقاوە. بەمجۆرە دەتوانین وەسفی باوردۆخەکە لە نێوەندی وەرزشیی ئینگلیزی بکەین، کە چواردەوری چارەنووسی فالکاویان داوەو بووەتە بنێشتە خۆشەی نێو دەمی هەوادرانی تۆپی پێ لە وڵاتی تەم و مژ.

فالکاو لە بوونە مانشێتی رۆژنامەکانی ئەو وڵاتە رکابەری یانەی ئارسناڵ دەکات، رۆژنامەکان زۆر بە بایەخەوە باسی چارەنووسی فالکاو دەکەن، بەڵام هیچ وردەکارییەکی فەرمیان ئاشکرا نەکردووە.

### مانچستەر بە مەرج دەیەوێ

قسەکردن لەسەر ئارەزووی مان یونایتد بۆ هێشتنەوەی ئەو پڵنگە کۆلۆمبییە لە هەمووان باوترە، چەندین سەرچاوە باس لەوە دەکەن کارگێڕانی یانەکە نیازیان وایە فالکاو بهێڵنەوە دوای تەواوبوونی ماوەی خواستنەکەی، بەڵام بە یەک مەرج، ئەویش ئەوەیە کارگێڕی یانەی مۆناکۆ ئامادەی سازشکردن و کەمکردنەوەی نرخی فالکاو بێت کە 60 ملیۆن یۆرۆیە، چونکە کارگێڕی مان یونایتد ئامادە نییە ئەو برە پارەیە بدات و سوور دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی، بۆ ئەوەی بە یەکجاری فالکاو بکاتە شەیتان.

### ڤان گال لە ئاستی رازی نییە

هەندێ دەنگ لەلایەکەی دیکەوە بەرزدەبێتەوە، کە پشتیان بە سەرچاوەی تایبەت بەستووەو باس لەوە دەکەن ڤان گال تاوەکو ئێستا بە ئاستی فالکاو رازی نییە، بۆیە دوودڵە لە وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی و بە هەندێ کەسی نزیکی خۆی گوتووە، چاوەڕێ دەکات ئاستی فالکاو بتەقێتەوەو مانەوەی خۆی لە یانەکە بۆ وەرزەکانی داهاتوو بسەلمێنێت، بە گوێرەی هەمان سەرچاوە چارەنووسی فالکاو یەکلایی نابێتەوە، تاوەکو ڤان گال گلۆپی سەوز بۆ گرێبەستکردن لەگەڵی هەڵنەکات.

### گەورەکان لە چاوەڕوانیدان

لەنێو ئەو ژاوە ژاوەی راگەیاندەکاندا، چەندین یانەی ئینگلیزی گەورە ئامادەیی خۆیان نیشانداوە، گرێبەست لەگەڵ فالکاو واژوو بکەن و لە جیاتی مانچستەر یونایتد دانوستان لەگەڵ کارگێڕی یانەی مۆناکۆ بکەن، باس لەوە دەکرێن یانەکانی لیڤەرپوول، مانچستەر سیتی و ئارسناڵ دەیانەوێ لە هاوینی داهاتوودا فالکاو پەلکێشی ریزەکانیان بکەن، بەڵام ویستی ئەو یانانە زیاتر لەژێر دەستی کارگێڕی مانچستەر یونایتد و لویس ڤان گال دایە.





بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەك دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.
- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پرێپەید لەنێو تۆری کۆرەك
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بۆیەبە خەون ببینە

411
korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**جامی ئاسیا** — سێشەممە 2015/1/27 — 12:00
ئوستڕالیا — ئیمارات

**جامی ئەفریقیا** — سێشەممە 2015/1/27 — 09:00
جەزائیر — سەنیگال

**جامی ئەفریقیا** — چوارشەممە 2015/1/28 — 09:00
کوتدیڤوار — کامیرۆن

**جامی ئیتاڵیا** — سێشەممە 2015/1/27 — 10:45
میلان — لازیۆ

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 21)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/1/30** | |
| ڕایۆ ڤالیکانۆ ـ دیپۆرتیڤۆ | 10:45 |
| **شەممە 2015/1/31** | |
| ڕیال مەدرید ـ ڕیال سۆسیداد | 06:00 |
| ئیبار ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 08:00 |
| غەرناتە ـ ئیلچێ | 10:00 |
| سێلتاڤیگۆ ـ قورتوبە | 12:00 |
| **یەکشەممە 2015/2/1** | |
| لیڤانتی ـ ئەتلەتیک بلباو | 02:00 |
| ئەلمێریا ـ خیتافی | 07:00 |
| سڤیلیا ـ ئیسپانیۆل | 09:00 |
| بارسێلۆنا ـ ڤیاریال | 11:00 |
| **دووشەممە 2015/2/2** | |
| مەلەگە ـ ڤالێنسیا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ڕیال مەدرید | 48 |
| 2 ـ بارسێلۆنا | 47 |
| 3 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 44 |
| 4 ـ ڤالێنسیا | 41 |
| 5 ـ سڤیلیا | 39 |
| 6 ـ ڤیاریال | 38 |
| 7 ـ مەلەگە | 32 |
| 8 ـ ئیبار | 27 |
| 9 ـ ئیسپانیۆل | 26 |
| 10 ـ ڕایۆ ڤالیکانۆ | 23 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کریستیانۆ | ڕیال مەدرید | 28 |
| 2 ـ میسی | بارسێلۆنا | 21 |
| 3 ـ نیمار | بارسێلۆنا | 14 |
| 4 ـ باکا | سڤیلیا | 12 |
| 5 ـ گریزمان | ئەتلەتیکۆمەدرید | 10 |

* ئەم ڕیزبەندە بەر لە یاری (خیتافی ـ سێلتاڤیگۆ) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 23)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/1/31** | |
| هاڵ سیتی ـ نیوکاسل | 03:45 |
| کریستال پالاس ـ ئێڤەرتۆن | 06:00 |
| لیڤەرپووڵ ـ وێستهام | 06:00 |
| مانچستەر یونایتد ـ لیستەر سیتی | 06:00 |
| ستۆک سیتی ـ کوینز پارک ڕێنجەرز | 06:00 |
| سەندرلاند ـ بێرنلی | 06:00 |
| وێست برۆمیچ ـ تۆتنهام | 06:00 |
| چێڵسی ـ مانچستەر سیتی | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/2/1** | |
| ئارسناڵ ـ ئەستۆن ڤیلا | 04:30 |
| ساوسهامبتۆن ـ سوانزی سیتی | 07:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ چێڵسی | 52 |
| 2 ـ مانچستەر سیتی | 47 |
| 3 ـ ساوسهامبتۆن | 42 |
| 4 ـ مانچستەر یونایتد | 40 |
| 5 ـ ئارسناڵ | 39 |
| 6 ـ تۆتنهام | 37 |
| 7 ـ وێستهام | 36 |
| 8 ـ لیڤەرپووڵ | 35 |
| 9 ـ سوانزی سیتی | 30 |
| 10 ـ ستۆک سیتی | 29 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کۆستا | چێڵسی | 17 |
| 2 ـ ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 14 |
| 3 ـ ئۆستن | کوینز پارک | 13 |
| 4 ـ سانچێز | ڕێنجەرز ئارسناڵ | 12 |
| 5 ـ پێلێ یانە | ساوسهامبتۆن | 9 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 21)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2015/1/31** | |
| ئاتالانتا ـ کالیاری | 05:00 |
| جەنەوا ـ فیۆرەنتینا | 08:00 |
| ڕۆما ـ ئیمپۆلی | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/2/1** | |
| ساسۆلۆ ـ ئینتەرمیلان | 02:30 |
| کیێڤۆ ـ ناپۆلی | 05:00 |
| تۆرینۆ ـ سامپادۆریا | 05:00 |
| ئۆدینێزی ـ یوڤانتۆس | 05:00 |
| پالێرمۆ ـ ڤیرۆنا | 05:00 |
| چیزینا ـ لازیۆ | 05:00 |
| میلان ـ پارما | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ یوڤانتۆس | 49 |
| 2 ـ ڕۆما | 42 |
| 3 ـ لازیۆ | 34 |
| 4 ـ سامپادۆریا | 34 |
| 5 ـ ناپۆلی | 33 |
| 6 ـ فیۆرەنتینا | 31 |
| 7 ـ جەنەوا | 28 |
| 8 ـ پالێرمۆ | 27 |
| 9 ـ ئینتەرمیلان | 26 |
| 10 ـ میلان | 26 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ تیڤێز | یوڤانتۆس | 13 |
| 2 ـ هیگواین | ناپۆلی | 10 |
| 3 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 10 |
| 4 ـ دیبالا | پالێرمۆ | 10 |
| 5 ـ مینێزیانە | میلان | 10 |

* ئەم ڕیزبەندە بەر لە هەردوو یاری (ئیمپۆلی ـ ئۆدینێزی) و (ناپۆلی ـ جەنەوا) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 18)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/1/30** | |
| فۆلفسبۆرگ ـ بایرن میونشن | 10:30 |
| **شەممە 2015/1/31** | |
| هامبۆرگ ـ کۆڵن | 05:30 |
| شاڵکە ـ هانۆڤەر | 05:30 |
| شتۆتگارت ـ مونشنگلادباخ | 05:30 |
| فرایبۆرگ ـ فرانکفۆرت | 05:30 |
|ماینز ـ پادربۆرن | 05:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/2/1** | |
| ڤێردەربرێمەن ـ هێرتا بەرلین | 05:30 |
| ئۆگسبۆرگ ـ هۆفنهایم | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 45 |
| 2 ـ فۆلفسبۆرگ | 34 |
| 3 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 28 |
| 4 ـ مونشنگلادباخ | 27 |
| 5 ـ شاڵکە | 27 |
| 6 ـ ئۆگسبۆرگ | 27 |
| 7 ـ هۆفنهایم | 26 |
| 8 ـ هانۆڤەر | 24 |
| 9 ـ فرانکفۆرت | 23 |
| 10 ـ پادربۆرن | 19 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ماییێر | فرانکفۆرت | 13 |
| 2 ـ ڕۆبن | بایرن میونشن | 10 |
| 3 ـ مۆتینگ | شاڵکە | 10 |
| 4 ـ ئۆکازاکی | ماینز | 8 |
| 5 ـ بلعەرەبی | بایرلیڤەرکۆزن | 8 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 23)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2015/1/30** | |
| پاریس سانجێرمان ـ ڕین | 10:30 |
| **شەممە 2015/1/31** | |
| مارسیلیا ـ ئیڤیان | 07:00 |
| تۆلۆز ـ ڕیمس | 10:00 |
| لانس ـ باستیا | 10:00 |
| نانت ـ لیل | 10:00 |
| لۆریان ـ مۆنبیلیە | 10:00 |
| میتز ـ نیس | 10:00 |
| لانس ـ باستیا | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/2/1** | |
| کان ـ سانت ئیتیان | 04:00 |
| بۆردۆ ـ گانگۆن | 07:00 |
| مۆناکۆ ـ لیۆن | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ لیۆن | 48 |
| 2 ـ مارسیلیا | 44 |
| 3 ـ پاریس سانجێرمان | 44 |
| 4 ـ سانت ئیتیان | 40 |
| 5 ـ مۆناکۆ | 39 |
| 6 ـ مۆنبیلیە | 35 |
| 7 ـ بۆردۆ | 33 |
| 8 ـ نیس | 31 |
| 9 ـ نانت | 31 |
| 10 ـ ڕین | 30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ لاکازیتی | لیۆن | 22 |
| 2 ـ جینیاک | مارسیلیا | 13 |
| 3 ـ بۆڤی | گانگۆن | 10 |
| 4 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 9 |
| 5 ـ دیاباتی | بۆردۆ | 8 |

## جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/1/27** | |
| جەزائیر ـ سەنیگال | 09:00 |
| غانا ـ باشووری ئەفریقیا | 19:00 |
| **چوارشەممە 2015/1/28** | |
| کوتدیڤوار ـ کامیرۆن | 09:00 |
| مالی ـ غینیا | 09:00 |

## جامی شای ئیسپانیا

قۆناخی 8 (یاری گەڕانەوە)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2015/1/28** | |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ بارسێلۆنا | 11:00 |
| **پێنجشەممە 2015/1/29** | |
| خیتافی ـ ڤیاریال | 10:00 |
| سڤیلیا ـ ئیسپانیۆل | 12:00 |
| ئەتلەتیک بلباو ـ مەلەگە | 12:00 |





**جامی ئیسپانیا** — چوارشەممە 2015/1/28 — 11:00
ئەتلەتیکۆ مەدرید — بارسێلۆنا

**خولی ئەڵمانیا** — هەینی 2015/1/30 — 10:30
فۆلفسبۆرگ — بایرن میونشن

**خولی ئینگلیزی** — شەممە 2015/1/31 — 08:30
چێڵسی — مانچستەر سیتی

**خولی ئینگلیزی** — یەکشەممە 2015/2/1 — 11:00
بارسێلۆنا — ڤیاریال

## وەکخۆیەتی



کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، لە هەڤپەیڤینێکدا خۆشەویستی خۆی بۆ جۆنیۆری کوڕی دەردەبڕێت و رایدەگەیێنێت کە وەکخۆیەتی ئەوکاتەی ئەو منداڵ بووە و لەو بارەوە دەڵێت «جۆنیۆر منداڵێکی شەرمن و بە ئەدەبە، دەستی بەو بنەما و نەریتانەوە گرتووە، کە من لە منداڵییەوە فێریان بووم و ئەویشم فێرکردووە. بۆیە زۆر گرنگە جۆنیۆر لەسەر ئەو بنەمایانە پەروەردەبێت. من زۆر دڵخۆشم کە دەبینم کوڕەکەم لە زۆر رووەوە بەخۆم دەچێت».



ڕێبوار محەممەد

# وەرزش وەک بیانوویەک بۆ کوشتن

درندەیی لە ئاستی حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ گەیشتووەتە ئاستێک لەسەر تەماشاکردنی یارییەک و دڵخۆشبوون بەبردنەوەی تیپێک بکوژرێت، شاراوەنییە ئەم ناونیشانە هی کوێیە.

ئەگەر پێشتر تاوانەکانی کوشتن لە نێو یاریگەکاندا، یان بەهۆی ئەنجامی یارییەکانەوە لەئەنجامی تووڕەیی و قبوڵنەکردنی دۆڕاندابووبن و هاندەرانی دوو یانە یان دوو هەڵبژاردە بەیەکداچووبن و لێکیان دابێت و کوشتبێت، یان لەگەڵ پۆلیسدا ئەو کارەیان کردبێت، هەموویان لە چوارچێوەی ڕووداوی بچووکدا بوون، بەڵام لەگەڵ هەڵچوونی شەڕە تایفییەکانی ئەو ناوچانەی بە جیهانی ئیسلامی ناودەبرێ، بیانووەکانی کوشتن لە نێو وەرزشیشدا گۆڕاون.

ئاخر ئەو هێزەی بەڕۆژی نیوەڕۆ و بێشەرم بەدوای بیانوویەکدا بگەڕێ بۆ کوشتن و ئاسایی لەسەر تاوانێکی نەسەلمێنراو مرۆڤ لە باڵەخانەی بەرزەوە فڕێبداتە خوارەوە، بێگومان شێوەی کوشتنی پەیوەست بە وەرزشیشەوە دەگۆڕێت.

وەرزش چالاکییەکی مرۆییە و لەبەرئەوەی مرۆڤ تێیدا بەشدارە، ئاساییە هەموو شتێکی تێدا ڕووبدات و بنەما خاوێن و بێگەردەکەی خۆی لەدەستبدات و لە هۆکارێکی دڵخۆشکردن و رابوێرییەوە ببێتە هۆکارێک بۆ کوشتن.

جیاوازییەکە لەوەدایە، ئەوەی پێشتر ڕوویداوە مرۆڤەکان لەسەر قبوڵنەکردنی دۆڕان و هەڵچوون بەهۆی دۆڕانەوە یەکتریان کوشتوە، دیارترین نموونەش ڕووداوی هیلسبرۆی نێوان هاندەرانی لیڤەرپوول و یۆڤێنتۆس بوولە ساڵی 1986، بەڵام ئێستا لەسەردەمی بزووتنەوە توندڕەوەکاندا کوشتن لەسەر وەرزشیش بەشێوەی جیاواز بەڕێوەدەچێت.

نزیکەی مانگێک لەمەوبەر لە ئەفغانستان خۆکوژێک لە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە خۆی کرد بەنێو هاندەرانی کۆبووەوە بۆ بینینی یارییەکی تۆپی باڵەی نێوان دوو تیپ و دەیانی کەلەپاچەکرد.

هەفتەی پێشوو لەو شارەی موسڵەی کە چەند سەد کیلۆمەترێک لە باشووری کوردستانەوە دوورە، داعش، چەندان گەنجی دانیشتووی ئەو شارەی گوللەباران کرد، تاوانی ئەوان تەنیا دڵخۆشبوون بوو بە بردنەوەی هەڵبژاردەی عێراق کەبەهۆی ئەوەوە ئاهەنگیان گێڕابوو.

دوای ئەوەش 120 کەس بوونە قوربانی و برینداری ئەو تەقەی خۆشییەی لە عێراقدا کرا بەبۆنەی هەڵبژاردەکەوە.

ئەم ڕووداوانە هەموویان گۆڕینی هۆکار و شێوازەکانی کوشتنە بەهۆی وەرزشەوە، پێشتر لایەنگر و هاندەری وەرزشوانەکان لە نێو خۆیاندا پەلاماری یەکتریان دەدا و یەکتریان دەکوشت، ئێستا هێزێک دێت و ئەوە بەخەڵک ڕەوا نابینێت بەدیار یارییەکەوە چێژ وەربگرێت.

چ ئەوەی ئەفغانستان، یان ڕووداوەکانی عێراق، هەموویان لە چوارچێوەی بێبەشکردن لە تەماشاکردنی یاریدان، ئاخر سەیرکردنی یاری هەنگاوێکە بۆ چێژ، سەرەتایەکە بۆ لەبیرچوونەوەی خەمەکانی دنیا، خۆ لەخۆڕانییە هاندەرێک لە کەتەلۆنیا بۆ مێسی دەنووسێت تۆ لە ژنەکەم زیاتر چێژم پێدەبەخشیت.

ئەو نموونانەی کوشتن کە وەرزش وەک کارتێکەرێک لە پشتیانەوەیە، هەموویان گۆڕانی قوڵ لە شێوەی کوشتنەکەدا بەخۆیانەوە دەبینن، ئەوەی جاران ڕوویدەدا لەو چوارچێوەیەدا بریتی بوو لەوەی لەسەر بردنەوە و دۆڕان خوێن دەڕژا، بەڵام ئێستا هێزە تاریکپەرستەکان لەسەر چێژ وەرگرتن لە وەرزش خەڵک دەکوژن، ئەوە جیاوازییەکەیە، ئەوەش سەرەتای داهاتوویەکی خەمبارە.

لەوانەیە هەندێک بپرسن بریندار بوون و گیانلەدەستدانی منداڵێک لە حەوشەی ماڵەکەی خۆیاندا بەهۆی گوللەی وێڵەوە کە بۆخۆشی دەربڕین لە سەرکەوتنی هەڵبژاردەی عێراق بەئاسماندا کرابوو، نوێ نییە و ئەو بنەمایە نایگرێتەوە، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە، خەڵکێک بەرهەمەکەی ئەوەبێت بۆ خۆشی دەربڕین گوللە بە ئاسمانەوە بنێت، بێگومان بەرهەمەکەی ئەوە دەبێت کە هێزێکی لێدەرپەڕێت لەسەر ئەوەی بەدیار سەرکەوتنی تیپەکەیەوە زەردەخەنەی کردووە، جارێک و دەیان جار بیکوژێ.

دوێنی چیدەگوت ئەمڕۆ چیدەڵێت؟!

# کۆنتی بووەتە گاڵتەجاڕ



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ئیتاڵییەکان ئەنتۆنیۆ کۆنتی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بە کەسێکی بەرژەوەند پەرست ناویدەبەن و بەوە تۆمەتباری دەکەن کە لە پێناو بەرژەوەندی خۆی، ئامادەیە قسەکانی خۆی بەدرۆ بخاتەوە. بۆیە لە هەڵمەتێکی بەرفراواندا کردیانە گاڵتەجار.

ئەنتۆنیۆ کۆنتی، کەوتە بەر هەڵمەتێکی گاڵتەپێکردنی فراوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیتاڵیا، دوای ئەو سەردانانەی ناوبراو بۆ ناوەندەکانی وەرزشیی یانەکانی ڕۆما، لازیۆ، فیۆرەنتینا و یوڤانتۆس ئەنجامی دان.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیتاڵیا لەو بارەوە دووپاتیان کردەوە «ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە کۆنتی تەنیا بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاو دەگرێت، چونکە دوای ئەوەی بووە ڕاهێنەری ئازوری پەیوەندی لەگەڵ ڕاهێنەری یانەکان باش بووە، کە پێشتر ئەوکاتەی ڕاهێنەری یوڤانتۆس بوو ڕۆژانە دەمەقاڵێ بوو لەگەڵیان و بەردەوام ڕەخنەی لێدەگرتن». هەروەها نووسیویانە «کۆنتی لە پێناو بەرژەوەندی خۆی، ئامادەیە قسەکانی خۆی بەدرۆ بخاتەوە، هەر ئەو بوو ڕەخنەی لە ڕاهێنەرانی یانەکانی ئیتاڵیا دەگرت، کەچی ئێستا پەسنیان دەدات لەبەرئەوەی پێویستی بە یاریزانەکانیان هەیە».

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیتاڵیا هەروەها پەیامێکی ڕوونیان ئاراستەی کۆنتی کرد، بەوەی کارەکەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەنجامە باشەکان کۆتایی دێت، بۆیە هیچ پێویست ناکات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، خۆی لە لای ڕاهێنەری یانەکان خۆشەویست بکات.




شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی.
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD.
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
5 ـ مۆبایل.




سەروان جادر
لە
گۆڕەتوو
بە لێدوانی:
( **چەپڵەی بەهێزە، ڕاهێنەرێکی زلهێزە** )
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.







سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: بەختیار مستەفا - هونەر مەرجان - شاهۆ محەممەد

ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک ڕووداو بخوێنەوە